نێچیرڤان بارزانی پێزانینی هێزەکانی کوردستانی بۆ یارمەتیدان و پشتیگریی ئەڵمانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی

لە چوارچێوەی کارنامەکەیدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، بەیانیی ئەمڕۆ هەینی 2025/2/14 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکدا لەگەڵ بۆریس پیستۆریوس، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، باسیان لە پێوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەوڵێر ـ بەغدا کرد و دەربارەی هەڕەشەکانی داعش و پشهاتەکانی ناوچەکە بەتایبەتی سووریا، بیروبایان گۆڕییەوە.

سەرکایەتی هەرێم بایگیاند نێچیرڤان بارزانی پێزانینی هێزەکانی کوردستانی بۆ یارمەتیدان و پشتیگریی ئەڵمانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها جەختی لە گرنگی و پێویستیی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی ئێم هاوکارییانە کردەوە.

لای خۆیەوە، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا پابەندیی ئەڵمانیای بۆ پشتگیریی هێزەکانی کوردستان دووپات کردەوە، هەروەها بەهێزکردنی هاریکاریی هاوبەشی ئەڵمانیای لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە پێویست لە قەڵەم دا.